# چاودێریی ناڕەزایەتی: کەمال سەید قادر

نووسینی: مایکڵ ڕۆبن                    وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: بەختیار کەریم

لە 2005/10/26 هێزەکانی ئاسایشی سەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستانی سەربە سەرکردەی کوردی عیراقی مەسعود بارزانی نووسەری کورد و هاووڵاتی نەمساوی کەمال سەید قادری لە هەولێری باکوری عێراق دەستگیرکرد. کەمال سەید قادر بە چەند ووتارێک بارزانی تووڕە کردبوو کە باسی گەندەڵیی و خزمایەتی لە بەڕێوەبەرایەتیەکی ئەودا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردبوو. دواتر میلیشیاکانی بارزانی بۆ چەند هەفتەیەک کەمال سەید قادریان بەندکرد بەبێ تۆمەتبارکردن و بەبێ ڕێگەدانی بۆ هەبوونی پارێزەر یان سەردانی خێزانەکەی.

لە 2005/11/09 پێنووسی نێودەوڵەتیی، ڕێکخراوێکە کە پارێزگاری لە ئازادیی چاپەمەنی دەکات و بنکەکەی لە لەندەنە، نامەی بۆ بارزانی نووسی. نووسینگەی پارتی لە لەندەن وەڵامی دایەوە بەوەی کە حکومەتی کوردی کەمال سەید قادری گرتوە لەسەر تانەدان لە "چەند کارمەندێکی باڵای هەڵبژێردراو." پاش دادگاییەکی یەک کاتژمێری، دادگایەکی کوردی کەمال سەید قادری بە سی ساڵ زیندانی حوکمدا. کۆمیتەی پارێزگاری لە ڕۆژنامەنووسان گووتی کە کەمال سەید قادر تەنها پێنج خولەکی پێدرابوو بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەو پارێزەرەی کە دادگا بۆی دانابوو پێش دادگاییکردن و حوکمدانەکەی.

لە 2006/01/07، مەسرور بارزانی، کوڕی مەسعود بارزانی و بەرپرسی پاراستنی پارتی، نووسی بووی، کە "نابێت خەڵک تانە بدات و تۆمەت بخاتە پاڵ خەڵکانی تر تەنها لەبەرئەوەی پێیان خۆشە" هاوکات گووتی کە "کەس لە بنەماڵەکەی ئێمە سکاڵای تۆمار نەکردوە". بەڵام مەسرور گووتی کە خەڵکی تر "سکاڵایان لەدژی کەمال سەید قادر تۆمار کردوە" کە لەسەر فەرمانی دادگا دەستگیر کراوە. پاشتر حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە کە تێیدا هاتبوو کە کەمال قادر بە تاوانی سووکایەتی کردن بە دامەزراوە گشتییەکان دادگایی دەکرێت. ڕادیوی دەنگی ئەمریکا، لە 2006/01/06 لە سەروتارێکدا کە "ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونی حکومەتی ئەمریکا" بوو، بەتووندی سەرکۆنەی زیندانیی کردنی کەمال سەید قادری کرد. لە وەڵامی ئەو تووڕەبوونەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان گووتی کە کەمال سەید قادر ئازاد دەکات.

کوردستانی عێراق لە خاڵی وەرچەرخانێکی سیاسیدایە. بەرلە ڕوخانی دیکتاتۆری عێراق سەدام حوسەین، کوردەکان سکاڵایان دەکرد لەوەی کە لەژێر دوو ئابلوقەدا دەژین: ئابلۆقەی نەتەوە یەکگرتوەکان لەسەر عێراق و ئابلۆقەی خودی دەوڵەتی عێراقی لەسەر ئەو هەرێمە ڕاپەڕیوە. پاش ڕزگاربوون، گەشبینیی و پارەی هاوکاری هاژەی کردە ناو هەرێمەکەوە و بازرگانی گەشەیکرد. لەگەڵیدا گەندەڵییش گەشەیکرد.

بنەماڵەی بارزانی دوو بلیۆن دۆلاری کەڵەکە کردوە لەپاش گەڕانەوەی مەسعود بارزانیەوە بۆ هەرێمەکە لەساڵی 1991. پاش ئەوەی ڕادیۆی ئەوروپای ئازاد ڕاپۆرتی لەسەر گەندەڵیی لە کوستانی عێراق بڵاوکردەوە، ڕاپۆرت نووسەکە هەڕەشەی کوشتنی لێکرا. ئەگەرچی بنەماڵەی بارزانی ئەمە بەدرۆدەخەنەوە، دارایی لە کوردستانی عێراق هێشتا شاراوەیە، هەروەها بەرژەوەندیەکانی بنەماڵەی بارزانی جێگەی سکاڵای بازرگانە کوردەکانە.

دیمۆکراسی بەئاستەنگ گەیشتوە. لەکاتێکدا بەرپرسەکانی پارتی دەڵێن کە هەرێمەکەیان "یەکێکە لە تەنها چەند ئەزمونێکی دیمۆکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست"، رێکخراوە سەربەخۆکانی مافی مرۆڤ ناتەبان لەگەڵ ئەم بۆچوونە. چاودێریی مافی مرۆڤ (Human Rights Watch) لە راپۆرتی مانگی هەشتیدا سەرکۆنەی حکومەتی کوردی دەکات لەسەر پاکتاوی رەگەزیی. ئەو بێگانانەی سەردانی زیندانی هەولێر دەکەن بە نهێنی دەڵێن کە خەڵک گیراون لەسەر ئەوەی رازی نەبوون لە دەستکەوتی خۆیان برێک بدەن بە ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی یان رازی نەبوون بەوەی کە بیانکەن بە هاوبەش لە بازرگانیەکانیان. رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی لیستی زیندانە سیاسیەکانی نووسیوە. ئاستی قبوڵکردنی نارەزایەتی هەتا دێت نزمدەبێتەوە. بەرلە هەڵبژاردنی 2005/12/15 لایەنگرانی پارتی پەلاماری بارەگای حیزبێکی نەیاریاندا. چەکدارەکانی پارتی کاندیدی ئەو حیزبەیان تیرۆر کرد پاش ئەوەی نوسینگەکەیان داگیرکرد. بارزانی کەڵتی تاکەکەسی برەوپێدەدات، بەلاّم لاوانی کورد  بە چرپە دەڵێن کە بارزانی خەریکە دەبێت بە سەدامێکی تازە.

لەم بارودۆخەدا راپۆرتە بوێرەکانی کەمال سەید قادر هاتن. دەستگیرکردنەکەی تووڕەیی لەناو بەشێکی فراوانی کۆمەڵگای کوردیدا وروژاند. شاعیری کوردی عێراقی کەمال میراودەلی نووسی "مەسعود بارزانی هەڵەیەکی کوشندە دەکات ئەگەر پێیوایە بەم فڕاندن و زیندانیکردنە نایاسیی و سەدام ئاسایەی دەتوانێت ئەو نووسەر و رۆشنبیرە بوێرانەی کورد بێدەنگ بکات کە روو لە زیادبوونن و دەنگیان بەرز و بەرزتر دەکەنەوە لەدژی مێژووی تاوانکاری، گەندەڵیی و خیانەت."

زیندانیکردنی کەمال سەید قادر تەنها رۆژێک پاش پێشوازیی کردنی سەرۆک جۆرج بۆش بوو لە مەسعود بارزانی لە کۆشکی سپی، کە بەم سەرکردە کوردەی گووت، "پیاوێکی ئازا..پیاوێک کو دژی ستەمکاری راوەستا". باشتروایە ئەم ووشانە بۆ کەمال سەید قادر بەکارببرێن.

سەرچاوە:

Middle East Quarterly (Spring 2006), Publication Date: March 9, 2006
http://www.meforum.org/meq/

دەتوانیت هەمان وتار لە کوردشمیدیا بخوێنیتەوە:

http://www.kurdmedia.com/articles.asp?id=11619